# خەندەکەی بایی – دڵدار و گۆمی – لامارتین

پ.ی. د٠ محمد دلێر ئەمین محمد– د. هیدایەت عبدالله محمد
زانکۆی سلێمانی/ کۆلێژی زمان/ بەشی کوردی

**پێشەکی**

ئەدەبی بەراوردکاری هەوڵێکی نزیکبوونەوەیە بە ڕووداو و دەقە ئەدەبی و نووسەری نەتەوە جیاجیاکان ، بە پێناسەی فەرەنساییەکان ئەو زانستەیە ، کە باس لە کارتێکردن و کارتێکراوەکان دەکات لە نێوان دوو ئەدەبی جیاوازدا ٠

بەو مەرجەی بە دوو زمانی جیاواز نووسرابن ، لەناو بەرهەمی شاعیرانی کورددا زۆرشاکار و دەقی نەوازە هەن کە کاریگەری شیعر و شاعیرێکی نەتەوەیەکی تریان بەسەرەوەیە ، ئەمەش بە سوود و قازانجی ئەدەبی نەتەوەیی گەڕاوەتەوە ، ئەم توێژینەوەیە وەك لە ناونیشانەکەی ئاماژەی بۆ دەکات هەوڵی دۆزینەوە و کاریگەری ئەو پەیوەندییەی کە هەردوو دەقی شیعری (خەندەکەی بایی – دڵدار )ی کورد و (گۆم)ی (لامارتین) ی فەرەنسی بەیەکەوە ئەبەستێتەوە و ئەم کارەش لەدوو بەشدا خراوەتە ڕوو ، بەشی یەکەم : لایەنی داهێنان و شێوازی نوێیە لە دەقە شیعریە نوێکەی دڵداردا ، کە چۆن تەوژمێکی نوێگەریانەی بە ئەدەبی کوردی لەو سەردەمەدا داوە و بە هۆی وەرگێڕانی شیعری شاعیرانی ئەورپیەوە پێگەو بناغەی زەمینەی شیعرەکانی پتەو و داڕێژراوتر دەکات ، بەشی دووەم شیکردنەوەیەکی زمانەوانییە لەسەر هەردوو قەسیدەکە، لەسەر شێواز و پەیڕەوێك ، کە پەیڕەوەی شیکردنەوەی بونیادگەرییە لە مەودای زماندا، وەك فاکتەرێکی لێکدانەوە لە لایەنی واتاسازییەوە ،لەم ڕوانگەیەوە دوای ئەمەش کە چۆن کەرەسە زمانییەکانیان بەکارهێناوە لە ئاسۆگەی دوو فەرهەنگ و کەلتووری جیاوە، کە زیاتر وشەو دەستەواژە سروشتییەکانی وەك کەرەسەی زمانی گرتۆتە خۆ ، ئەم لێکچوونەش خاڵێکی پێکگەیشتنی هەردوو شاعیرەکەیە وەك بیرۆکەی خۆیان لە خولقاندنی دنیا ڕۆمانسیەکەدا .

ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا نوێیە و بۆئەدەبی بەراوردکاری جێی سەرنجە . ئەوەیە کە هەردوودەقی (خەندەکەی بایی – دڵدار)و (گۆم – لامارتین) لە ڕووی لەیەکچوون و جیاوازی زمان و ئەدەبەوە خراونەتە بەر تیشکی سەرنج و بەراورد ، هەردوو توێژەر لە پێگەی زانستیی خۆیانەوە و بەو توانایەی کە لە بوارەکەی خۆیاندا هەیانە ، هەوڵی خۆیان لەم لایەنەدا چڕ کردۆتەوە ، هەردوو باڵی توێژینەوەکە (ئەدەب و زمان) دواتر وەك یەك مەبەست و بەرفراوانکردنی مەیدانی ئەدەبی بەراوردکاری ئەنجام دەدەن بەدەستەوە٠

**چەند کۆپلەیەك قەسیدەی (گۆم - لامارتین) و (خەندەکەی بایی- دڵدار ) ، کە توێژینەوەکەمان لەسەر ئە نجام داوە**

**قەسیدەی گۆم**

بەم جۆرە هەمیشە بەرەو کەنارە نوێیەکان پەلکێش دەکرێن.
بەرەو ئۆقیانووسی سەدەکان،
تۆ بڵێی ڕۆژێك لە ڕۆژان نەتوانین بگرین؟

****

دەریاچەکە ! تاوێرە بێدەنگەکانت ! ئەشکەوتەکان ! دارستانە ئەنگوستەچاوەکان!
ئێوەن زەمەن بەسەرتانەوە دەهێڵێتەوە ، نوێتان دەکاتەوە، لانی کەم یادگارییەکانی ئەمشەو بپارێزن ،سروشتی جوان هەڵیانگرە بیانپارێزە
دەریاچەکە! با لە ڕووخساری گردۆڵکە ڕووخۆشەکانتا بێت
لە ئائەو دارسنەوبەرە ڕەشانەدا ، لەو تاوێرانەدا کە چەمیونەتەوە بەڕووی ئاوەکانتدا

****

با ئەوە لەو نەسیمانەدا بێت کە شەپۆلەکانت دەشێوێنێ ، لەو زایەڵانەی کە ڕۆخەکانت دەیچڕنەوە، لەو هەسارە زیوییانەی ڕووخسارت ڕۆشن دەکەنەوە.
دەبا بەو بایەی دەلوورێنێ،
ئەو قامیشەی هەناسە دەداتەوە، و
کزەی شەماڵە بۆنخۆشەکەت، دەبا هەموو ئەو شتانەی دەیانبینین و دەیانبیستین،وهەناسەدەدەن، بڵێن ئەو جووتە خۆشەویستی یەکن[1].

**قەسیدەی( خەندەکەی بایی )**

**بەغداد - ١٩٤٤**

لــە ئافــاقی ژیـــانی ناهومێدیـــم خەنـــدەکەی بـایی
فریـشتەی پـاکی هیوامی نیشانـــدام وا کە بیـــدوێنم
پریشکی تیشکی ئەستێرەی جوان ئیمشەو بە ئەسپایی
بـــە سۆزی هــاتە نیـــو کونجی دڵی تاریـکی پڕ خوێنم
دە سا دەی مەسدەری هەست
دە خێـــرا لادەری پـــەســـتی
وەرە تا من بەڕازی تۆ نەمامی شادی بڕوێنم

****

دە هەڵسە با بناکەین مەعبەدی پیرۆزی دڵداری
لە تیشکی ڕۆژ لە شەوقی مانگ لە ڕەنگی پەلکە ڕەنگینە
کە هەر کامەی بڵێی پاکە لە کردەی قودرەتی باری
نیشانەی کردگارێکە و بناغەی پەیڕەوی دینە
لە شوێنی پڕ لە هەستی بێ

---

[1] د. زهير مجيد مغاس ، لامارتين في الادب العربي ، سلسلة موسوعة صغيرة ، دار الشؤون الثقافية ،١٩٨٨، ل ٥٠

کەرەستەی خۆشەویستی بێ

****

وەرە نێو ئابیدەت تامن بەرپێت دابدەم ئەژنۆ

لەبەروەی نا دلآرامی لەبەروەی  چونکە بالآیی ...

خودای شیعرو پەری هیوای بلێسەی هەستی بەرزی تۆ

هەوالی هاوڕەنگ و خوێنی فریشتەی شۆخی میدیایی

لە ڕووی چاکەو وەفاداریی

بەبادی جامی دلداری

لە مەستی خۆشی بم هێلی دروشمی خەندەکەی بایی[٢]

**بەشی یەکەم**

لە باس و لێکۆلینەوەی ئەدەبی بەراوردکای‌دا ، بۆ ئەوەی سەلماندنی کارتێکردن و کارتتێکراو ، گومان و کەلێن نەهێلێتەوە ، پێویستە ڕەچاوی هێلەگشتییەکان بکەین کەوەك مەرج دانراون و پێڕەو ئەکرێن . لەوانە

دوو ئەدەب هەبن و مەودای بەراوردکردنیان هەبێت ، هەروەها ئامادەی لایەنێك بۆ وەرگرتنی ئەدەب لە لایەنەکەی تر ، دواتر دۆزینەوەی بەلگەی مێژوو  و هۆکاری پەڕینەوە و دواتر بەراورد کردن و لەیەکچوون [٣] بە واتایەکی تر ڕەگەزەکانی ئەدەبی بەراودکاری دیاری بکەین لە نێوان هەردوو دەقەکەدا٠

(الفونس دو لامارتین – ١٧٩٠ ١٨٦٩) شاعیرێکی ڕۆمانسی بەناوبانگی سەدەی نۆزدەهەمە ، لە فەرەنسادا کە زێدی خۆیەتی ، بە چیرۆکە شیعریەکەی ((گۆم – البحیرة )) بەناوبانگە ، ئەم بەرهەمە بۆ زۆربەی زمانەکانی جیهان وەرگێڕدراوە ، تا ئەمرۆ بە زیندوێتی ماوەتەوە[٤].

دلدار (یونس ڕەئووف) ، کە شاعیرێکی بەهرەدار و بە توانا بوو ، شەیدای خوێندنەوە و بەدواداچوونی ئەدەبی بوو ، ئەیویست جگە لە  توانای شیعری خۆی لە ڕێگای خوێندنەوەی شاکارە ئەدەبیەکانی جیهاندا ئەو بەهرەیەی مشتاومالٚ بکات ، هەر ئەوەش بوو توانی لەو تەمەنە کورتەدا (١٩١٨- ١٩٤٨) ناو و ناوبانگی گەورە بۆ خۆی تۆماربکات و لە ڕیزی شاعیرە نوێخواز و ڕۆمانسی و نیشتمان پەروەرەکاندا ئەژماربکرێت ٠

وەك لەنوسینەکەی دلدار خۆیدا دەردەکەوێ ، زانیاری زۆری هەبووە سەبارەت بە (لامارتین) و زۆر کاری تێکردووە ، ئەوەتا بەم شێوەیە باس لە شاعیرێتی (لامارتین) دەکات "شتێکی زۆر بەدیهیە کە عاتیفەو خەیالێکی نازك و حەساسی وەکو عاتیفە و خەیالی (لامارتین) نەبێ لە خۆشەویستی و دلداریدا زۆر بە تەوژم بێ . لە گەنجیدا جاری یەکەم بورکانی دلداری بەسەر کچێکی زۆر دلارامی – مبلی- یەوە تەقیوە ، بەلآم چ تەقینێك ؟ چەند بەتین؟ (لامارتین)ی‌بەتەواوی  گۆڕی و سیحەت و عەقلٚ و هۆشی لێ تێك دابوو "[٥]

ئەو وتارەی  کە دلدار لە گۆڤاری گەلاوێژ ژمارە ٧و٨ ی ١٩٤١ دا لەسەر ژیان و عەشقی (لامارتین) نووسیویەتی ئەیەوێ ئەو کەسایەتیە ئەدەبیە بە خوێنەری کورد بناسێنێ ، هاوکات لەگەلٚ سەرسامیی خۆی بۆ ژیان و

---

[٢] عبدالخالق علاء الدین ، دلدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد ، چاپخانەی دار افاق عربیە ، بغداد ، ١٩٨٥، ل ١٩٦-١٩٨

[٣] عەزیز گەردی – ئەدەبی بەراوردکاری – زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر -١٩٨٧ – ل ١٩-٢١.

[٤] سەرچاوەی پێشوو – ل ١٤٠

[٥] گۆڤاری گەلاوێژ – ژمارە ٧ و ٨ی ١٩٤١

بەرهەمی ئەو شاعیرە فەرەنسییە[٦] . دیارە پێشتر هەر ئەو گۆڤارە شیعرە بەناوبانگەکەی ( گۆم)ی (لامارتین) بەکوردی بلاّو دەکاتەوە .[٧]

کەواتە هەردوو کەرەسەی بەراوردکاریی ئامادەیە ، دوو دەق ، یەکەم "گۆم"کە سەرچاوەی ئیلهامە بۆ دەقی دووەم کە ( خەندەکەی بایی) یە ، کە "لەڕووی داڕشتن و دەست پێکردن و نەخشاندنی وێنەی دلگیر و تابلۆی هەستاوی و تاسەی شاعیر و تەڕ و پاراویی زمان و لێکچوونی چێژدار و دەنگ و مۆسیقا و ڕەنگ و بەراورد و هەوێن و هونەرە وردەکانی شیعرەوە پارچە شیعرێکی رۆمانسییانەی تەڕوبڕ و بالاّیە "[٨]

هەردوو بەرهەمەکە ، کە زادەی خەیالّی ڕۆمانسییانەی هەردوو شاعیرن . هەولّی ڕزگاربوونە لە کۆت و بەندی شیعری کلاسیکی و هەنگاوی بوێرانە بەرەو داهێنان و داڕشتنی زمانی نوێ و وێنەی هونەری و گێڕانەوەی دەنگی ناخ و سەدای خوولیای ئەزموونی خۆشەویستی ، بە تایبەت لای دلّدار کەوەك وەرگرێکی بەتوانا و خوێندنەوار (گۆم) بۆتە بروسکەی تەقینەوەی هەست و نالّەی پەنگخواردووی :

لە ئافاقی ژیانی ناهومێدیم خەندەکەی بایی
فریشتەی پاکی هیوامی نیشاندام وا کە بیدوێنم
پریشکی تیشکی ئەستێرەی جوان ئیمشەو بە ئەسپایی
بە سۆزی هاتە نیو کونجی دلّی تاریکی پڕ خوێنم
دە سادەی مەسدەری هەست
دە خێرا لادەری پەستی[٩]

هۆی پەڕینەوە و کاریگەری ئەدەبی لە نێوان ئەو دوو دەقەدا ، زمانی ڕاستەو خۆ نییە ئەمەش بەهۆی ئەوەی زمانی فەرەنسی لە کوردستاندا نەخوێنراوە ، وەرگێڕانی ڕاستەوخۆ لە فەرەنسی بۆ کوردی کەمە و زیاتر بەرهەمی شاعیر و ڕۆماننووسە فەرەنسیەکان لە زمانی عەرەبی و فارسیەوە کراونەتە کوردی ، وەك بەرهەمەکانی (لامارتین) ، فیکتۆر هۆگۆ – سارتر – کامۆ..... هتد ) ئەمەش خەوش نییە ، لە هەلومەرجی خۆیدا ئەو وەرگێڕانەش " بەو مەرجەی وەرگێڕانەکە تەواوبێ ، واتە بێ ئەوەی گۆڕڕان و دەستکاریی و خستنە سەر و فڕێدانی تێدابێ" [١٠]

سالاّنی دەرچوونی گۆڤاری گەلاوێژ ١٩٣٩ – ١٩٤٩ لە بەغدای پایتەخت کە مەلّبەندی بلاّوبوونەوە و لە چاپدان و وەرگێڕان بوو ، ڕۆلێکی گەورەی بینیوە لە ناساندن و شارەزایی پەیداکردنی نووسەرانی کورد بەبەرهەمی ئەدیب و ڕووناکبیری میللەتانی تر ، هەر ئەم هۆکارەش تین و تاوی ئەدەبی کوردی داوە و لە نێوان هەردوو شەڕی جیهانی ١٩١٨ و ١٩٣٩ و دواتر تا نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم لە گەشەو بەرەو پێشچووندا بووە ، ئەو دەروازەیەی وەرگێڕان و خوێندنەوە بە زمانی تر نەك هەر گۆڕانی لە فۆڕم و ناوەڕۆکی شیعری کوردی دا کرد ، بەلّکو پەخشانی هونەری و چیرۆکی هونەری بووە تەواوکەری ئەدەبی هاوچەرخ و مەبەست خواستە نەتەوەیی و مرۆڤایەتیەکەی .

خالّێکی تر کە گرنگە لە باسی کاریگەریی ئەدەبی دا باس بکرێت ، ئەو بەلگە مێژوویی و ئاماژانەیە کە بەراوردکار ئەخاتە بەردەم بڕیاری دروست و گومان لە کارتێکردن و کارتێکراودا ناهێلێتەوە ، لەو لایەنەوە گەر

[٦] گۆڤاری گەلاوێژ – ژمارە ٩-١٢ سالّی ١٩٤١

[٧] کاکەی فەلاح – کاروانی شیعری نوێی کوردی - ل ١٠٨

[٨] دیوانی دلّدار – چاپخانەی کوردستان – چاپی دووەم – هەولێر – ١٩٧١ - ل ٥٢

[٩] عەزیز گەردی – ئەدەبی بەراوردکاری – زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر – ل ٨٤

[١٠] (لامارتین) – نووسینی دلّدار – گۆڤاری گەلاوێژ – ژمارە ٧و٨ – سالّی ١٩٤٢

سەرنج بدەین دەقەکەی (لامارتین) نیو سەدە پێش هاتنە دنیای خاوەنی ( خەندەکەی بایی)شاعیر کۆچی دوایی کردووە.
ئەمە وەك جیاوازیی مێژوویی و دواتر ئەو نووسینەی دڵدار بە ناوی کەسی (لامارتین) و خوێندنەوەی شیعرەکە پێش ئیلهامی (خەندەکەی بایی) ئەمانە هەموو بەڵگەی ئەو کاریگەریەن ، وێڕای مەبەست و ناوەڕۆکی هەردوو ئەزموونەکەیە ، کە نموونەی شیعری بەپێز و پڕ ئەفسوون و بەهای مانەوە و لەبیرنەچوونەوەن .
کاریگەریی (دڵدار) بە (لامارتین) زۆر بە زەقیی لە نووسینەکەیدا دەردەکەوێ کە بە جۆرێك کاریتێکردووە وەك ڕابەر و پێشڕەوی ئەدەب سەیری دەکات ، و وەك مرۆڤێکی کۆڵنەدەر و ماندوونەناس بە خوێنەری ئەناسێنێ ، کە ئەو دوو سیفەتە لە بەرهەم و ژیانی دڵدار خۆیدا ئامانج و حەزی گەورە بوون بەو تەمەنە کورتەوە هەوڵی بۆ داون گەرچی مەرگی ناوادەی بواری نەدا، بەڵام بەرهەمی پوخت و ناوازەی ژیانی پڕ کۆششی ، وەك ناوێکی دیار و شاعیر و نیشتمانپەروەر چووە مێژووی ئەدەبی و سیاسیی میللەتەکەیەوە. وەك خۆی ئەنووسێت :
" (لامارتین) هەر وەك بە دڵدارێکی ماڵوێران ناسراوە ، وە نەبێ خەیاڵ پەروەری و شیعربازی ئەوی لە دنیای واقع و خەباتی ژیان دوور خستبێتەوە ، بەڵکو بە عەکسەوە (لامارتین) خاوەنی دوو شەخسیەتی زۆر بەتینە ، یەکەمیان شەخسیەتی ئەدەبی و لە دنیای دڵداریدا زەعیم و پێشڕەو بووە ، دووەمیان شەخسیەتی دنیایی کە کۆشش کەرێکی بێ پشوو و ماندوو بووە , زۆر قینی لەو کەسانە هەڵساوە کە بەتەنیا هەر لایەکی کردبێتە مەسلەك بەڵکو وای لا ساغ بووە کە شیعر سێبوریکەری بەتاڵی و ڕازێنەرەوەی ژیانە ، لەلایەکی تریشەوە ئەڵێ مەلائیکەتی ژیان و خواردنی ڕۆژی تێکۆشین و ڕەنجدەرانە لەر ئەمە (لامارتین) دوور لە واقیع و لەناو خەیاڵ و ئەجەبیاتێکی موجەرەدا نەژیاوە ، ئەگەر وابووایە هێندە مەوقیعی سیاسی لە ( پیرچ) بە قوەت نەئەبوو کە بێ ئەوەی لە فەرەنسا بێ بە نائیبی ئینتخاب بکرێ "[11]
(دڵدار ) ژیانی (لامارتین)ی کردە پێڕەو ئەدەب و خەباتی سیاسی بەیەکەوە گرێدا سروودی (ئەی ڕەقیب) و چالاکییەکانی لەناو حیزبی (هیوا)دا بەڵگەی ئەم بۆچوونەن .

**بەشی دووەم**

**زمان وەك فاکتەری لێکدانەوەی ڕەخنەیی لە نێوان دڵدار و ( لامارتین )دا**
**لە هەردوو قەسیدەی ( گۆم )ی ( لامارتین ) و ( خەندەکەی بایی ) دڵداردا**

پێش ئەوەی بچینە نێو بابەتەکە، بە پێویستی دەزانین ئەوە ڕون بکەینەوە ، کە ئێمە لە بارەی گۆم- ی لامارتین لەسەر ڕۆشنایی دەقە عەرەبیەکان کارمان کردووە ،کە زیاتر لە دە دەقی وەرگێڕدراو هەیە بۆ سەر زمانی عەرەبی ، لەم دەقە وەرگێڕاوانە نموونەیەکمان وەرگرتووە (بڕوانە پەراوێزی ژمارە ١٤ و ١٦) ، ئەم بەشەی توێژینەوەکەمان بریتییە بەراوردێکی زمانەوانیی لە نێوان (لامارتین) و (دڵدار) ، بۆ یە بە پێویستی دەزانین لە پێشدا تیشکێك بخەینە سەر ئەو لایەنەی کە ئایا (لامارتین) سەر بە ڕێبازی ڕۆمانتیکییە یان ڕەمزی[12]؟
بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەش دەبێت ئەوە بخیەینە ڕوو کە بەلای زوربەی ڕەخنەگران و لێکۆڵەرەوانی دەقەوەجۆرە وێکچوونێك هەیە لە نێوان ڕۆمانتیك و هێماگەریدا ، لەو ڕووەوە (هێما) ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێت لە زمانی شیعریی هەردوو لادا ، بەڵام بەدوو ئاراستەی جودا لە ڕۆمانتیکدا (هێما) بە تەواوی لێکنەپچراوە و وەرگر بە ئاسانی دەتوانێت هێڵە گشتییەکانی دیاریی بکات و هەر شاعیرێکی ڕۆمانتیکیش ستایلێکی بەکاربردنی خۆی هەیە و بە شێوەیەکی خودی دەڕوانێتە (هێما) . بۆ نموونە (شیللی) زۆربەی جار ئەشکەوت و ئەستێرە و کەشتی و پەرسگاو مارو داڵ دەکاتە هێما بۆ مەدلولی جیاواز ، لە کاتێکدا ( کیتس ) مانگ و نووستن و پەرستگا دەکاتە هێما و زیاتر تێکەڵ بە هێما ئەفسانەییەکان دەبێت کە پڕن لە ترس و فۆبیاو وێنەی یوتۆبی دەنەخشێنن[13]، بەڵام ئەم حاڵەتە لای هێماگەرەکان جیاوازە لەڕووی بەکارهێنانەوە چونکە ئەوان بە تەواوی لەژێر کاریگەریی (برکسۆن)دان ، کە پێی وایە مانای هەر دەقێك تەنها لە ڕێی (ئیحا)ی دەقەکەوە درکی پێدەکرێت ، واتە بۆ ئەوەی لە دەقێك تێ بگەین دەبێت گشت ئیحاکان (ئاماژەکان)ی ناو دەقەکە شیبکەینەوە وە بونیادی

---

[11] عبدالرزاق الاصفر – المذاهب الادبية لدى الغرب – منشورات اتحاد كتاب العرب – ١٩٩٩- ص ٣٢

[12] ياسين الايوبى – مذاهب الادب و المعالم و الانعكاسات – دار العلم للملايين – ط ٢ – ١٩٨٤ – ص٢٢٦

[13] سعيد الغانمي – اللغة و الخطاب الادبي – المركز الثقافي العربي (بيروت) – ١٩٩٩ – ص ٢٤٢

واتـایی دەقەکـە بەتـەواویی پشت بـە ئامـاژەو هێماکـانی نێـو دەقەکـە دەبەسـتێت ، کەئـەوەش بێگومـان واتایـەکی دیکەمان دەداتێ ، کە ڕەمزیسمەکان پێیـان وایـە ئـەوە واتـا و مەبەسـتی تـەواوەتی دەقەکەیـە[١٤] بـەپێی سروشـت و پێکهاتـەی زمانـەوانیی دەقـەکانی (لامـارتین) بـە تایبـەتیش دەقـی (گـۆم) بـە تـەواوی دەگەینـە ئـەو ئارایـەی کـە (لامارتین) سەر بەو ڕێبازی ڕۆمانسیزمە ، لەبەرئەوەی لەڕووی پێکهاتەی زمانەوانیەوە دەتوانین ئەو نیشانانە بـە تـەواوی بخوێنینـەوە لـە هەمانکاتـدا (دڵـدار)ی شـاعیریش بـە هـەمان ئاقـاردا دەڕوات ، ئەگەرچـی هەنـدێ لـە ڕەخنـەگرانمان بـە دەسـتپێك و پشکوتنی یەکـەمین خونچـەکانی نوێگـەری نـاوزەد دەکـەن لـە مێـژووی ئـەدەبی کوردیـدا ، بـەڵام لـە ڕووی سورشـت و پێکهاتـەی ڕەگـەزە ئەدەبییەکانـەوە ( کەبـە شـیعرییەت نـاو دەبرێـت) ، دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەیەکی ڕۆمانتیکی ڕوون و ئاشکرا [١٥] .

(لامارتین) لەو قەسیدەیەی بە (گۆم) ناوی دەبات جەخت لەسەر سەرەکیترین کۆڵەکەی زمان دەکات لای ڕۆمانتیکیەکان ، کە بریتییە لە زمانی بەیەکدا هاتنەوە لەگەڵ سروشت و هەموو ئەو یادگارییانەی کە دەکەونە چوارچێوەی سروشتەوە ، وەك ( دەریا ، ئەستێرە، کەنار، ،شەماڵ، ئاوی زیوین ،ئاسمانی شین... هتد ) ، لەم بارەیەوە دەڵێت :

جوان ! هەڵیانگرەو بیانپارێزە
بائەوەش لە دەمی هێوری و شڵێوەدا بێت،
دەریاچەکە ! با لە ڕووخساری گردۆڵکە ڕووخۆشەکانتا بێت
لە ئا ئەو دار سنەوبەرە ڕەشانەدا، لەو تاوێرانەدا کە چەمیونەتەوە بەڕووی ئاوەکانتدا[١٦]

لە هەمان کاتدا دڵداریش ئەو ڕێڕەوەی گرتۆتەبەر ، ئەوەتا لە چوارچێوەی قەسیدەیەکدا بە میکانیزمێکی یەك لە دوایەکی لەو بازنەیەدا دەخوڵێتەوە ، کە لە جومگەیەکی قەسیدەکەیەوە بـۆ جومگەیـەکی تـر ئـەو میکانیزمـە تەواوتر تێکەڵ مەبەستە شیعرییەکە دەکات ولە هەموو بڕگەکانیشدا بـە تـەواوی ئـەم دیاردەیـە بـە زمانەکـەوە دیارە ، وەك (ئەستێرەی جوان ، ئاسمـانی شـین ، تیشـکی ڕۆژ ، شـەوقی مـانگ ، گـوڵی نەسرین،سـپی بێگـەرد ، زوڵفی زێڕین )

لە پەلکی تازە پشکوتووی نەژاکاوی گوڵی نەسرین
کراسێکی سپی بێگەرد دروستکە شەنگ و دامەن شۆڕ
لەبەرکە و زوڵفی زێڕینت بەسەریا بێنە خوار چین چین
پەری تیم تیم ، بەڕاز و ناز ،لە بۆت لێنن بنەوشەی مۆر
بە ئاواز و نەوا تەبخیل
بهۆنن پێچکەی ئیکیل
ببەن کڕنوش بڵێن : ئەی شۆخ ، پەری زادەی گزنگی خۆر[١٧]

چەندین نموونەی دیکەش هەیە ، کە تێیدا ئەم ڕاستییە بەرجەستە دەبێت .

خاڵێکی دیکە ئەوەیە ، کە (لامارتین) بـەردەوام دەیـەوێت ئـەو بـارە سایکۆلۆژیەی خـۆی بـەدەرخات ، کـە ئـەویش بریتییە لە خەمۆکیی و تێکشکان و نائومێدیی ، هەمیشە ئەو وشانە وەك تێرمێکی زمانـەوانیی دەیانکاتـە کـاڵا و بە باڵای سیاقە جیاوازەکانی دەبڕێت ، وەك پەنابردنە بەر سەرمەستیی و شتی لەو جۆرانە، وەك دەڵێت :

ئای دەریاچەکە ! وا خەریکە ساڵیش تەواو دەبێت،
منیش بە تەنها لە نزیك شەپۆلە خۆشەویستەکانی تۆدا
بێ ئاکام ڕاوەستاوم و چاوەڕوانی گەڕانەوەی (جولیا)م
لەسەر ئەو بەردەش دانیشتووم ،
کە هەموو جار دەتبینی ئەو لەسەری دادەنیشت ![١٨]

---

[١٤] حسين الواد – في مناهج الدراسات الادبية – منشورات الجامعة – ط ٢ – ١٩٨٥- ص ٧٩-٨٠

[١٥] بڕوانە د. زهير مجيد مغامس ، بحيرة لامارتين في الادب العربي ، سلسلة موسوعة صغيرة ، دار الشؤون الثقافية ، ١٩٨٨

[١٦] عبدالخالق علاء الدين – دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد – چاپخانەی دار افاق عربيه – بغداد – ١٩٨٥ – ل ١٩٦

[١٧] د. زهير مجيد مغامس ، بحيرة لامارتين في الادب العربي ، سلسلة موسوعة صغيرة ، دار الشؤون الثقافية ، ١٩٨٨

[١٨] عبدالخالق علاء الدين – دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد – چاپخانەی دار افاق عربيه – بغداد – ١٩٨٥ – ل ١٩٦

که دەڕوانینە دڵدار دەبینین بە هەمان شێوە نائومێدیی و گوزارشتکردن لەو حاڵەتە سایکۆلۆژییە بە تەواوی بە قەسیدەکەیەوە دیارە . ئەوەتا لە دەستپێکی قەسیدەکەیدا دەڵێت : ( لە ئافاتی ژیانی ئاهومێدیم خەندەکەی بایی[19]) یان لەدالی (ڕەنجوور)[20] ی بەکار دەهێنێت ، لەمانەش ڕوونتر لە کۆپلەی پێش کۆتاییدا دەڵێت :

ئـەوا ئیکلیلی دڵسۆزی و دلارامیـت ئـەکەین پـێشکەش
هەر چەپکەی خەم و مل کەج سروشتی نەو جەوانێکە
نیـگاری بوو ، بە ئاکامی بـە گـریاوی ، بە ئێـش و نـێش
لە چین ڕۆیی ئـەوێستاکە هەوێنی داستانێکە
بـە یادی ئـەو دڵەی تیـنو
کە چۆن هات وەهاش دەرچوو
بـڕۆ نێو ئابیدە و سەیری چە پیرۆز و جاویدانێکە [21]

ڕەگەزێکی زمانەوانیی تر بریتییە لە بەکارهێنانی ئەو سیاقانە ، کە گوزارشت لە هەیمەنەو هێز و توانای ڕەگەزی سروشت دەکەن بەسەر حاڵەتە (خەمۆکییەکانەوە) ، ئەوەتا باس لە هەڵسان بە دەستی مانگ دەکات ، کە بە پەروەردگاری تاریکی ناوزەدی دەکات. ئەم حاڵەتە بە تەواویی ڕەنگی داوەتەوە ، بەڵکو ناتوانرێت ئەو ڕەگەزە زمانەوانییە لە شیعرییەتی دڵدار دابڕێت ، چونکە زاراوەکانی هێندە هێز و توانستیان پێوە دیارە ، کە وەرگر بێ هیچ دوودڵییەك بەوە خۆشنوود دەکات ،کە سروشت سەردەکەوێت و بەتەواویی حاڵەتی خەمۆکیی و دڵەڕاوکێ لەناو دەبات ، دەڵێت :

دە هەڵسە با بناکەین مەعبەدی پیرۆزی دڵداری
لە تیشکی ڕۆژ لە شەوقی مانگ لە ڕەنگی پەلکە ڕەنگینە
کە هەر کامەی بلێی پاکە لە کردەی قودرەتی باری
نیشانەی کردگارێکە و بناغەی پەیڕەوی دینە
لە شوێنی پڕ لە هەستی بێ
کەرەستەی خۆشەویستی بێ
لە نێو ئەم باغە بێ جێگەی کە تۆم لێ دێت لە هاوینا[22]

بەردەوام پەنا بۆ سروشت دەبات ، بۆ هێزە پەنهان و شاراوەکانی ، سروشت دەکاتە ئەو کاریزمایەی زاڵ دەبێت بەسەر هەموو نەهامەتییەکانی ئەمدا و چیتر ناکەوێتەوە ناو پەژموودەیی و خەمۆکیی.
لێرەدا شاعیر وشەی ( باری ) و (کردگار) ی بەکارهێناوە وەك ئاماژەیەك بۆ ئەو هێزە سروشتییەی کە جێی هیوایەتی بەهەمان شێوە لای (لامارتین) بەدی دەکرێت ، ئەوەتانێ دەڵێت :

دابا بەو بایەی دەلوورێنێ، و
ئەو قامیشەی هەناسە دەداتەوە، و
کزەی نەسیمە بۆتخۆشەکەت،
دەبا هەموو ئەو شتانەی دەیانبینین، و هەناسە دەدەن
بلێین : ئەو جووتە خۆشەویستی یەکن . [23]

هۆکاری سەرەکیی ئەمەش لای هەردوو شاعیر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو نەهامەتییەی بەسەریان هاتووە لە ژیانیاندا. کارەساتەکانی ١٨٢٠، کۆمەڵی فەرەنسییان بەرەو دیدێکی ئاینی ئاراستەکرد . ئەمەجگە لەو ڕێچکە ئاینییەی لە منالیدا لەسەر پەروەردە بووبوو ، هەروەها بە تەواویش لە ژێر کارتێکردنی هەریەك لە (فیرجیل و بتراك و

---

[19] سەرچاوەی پێشوو – ل١٩٨
[20] سەرچاوەی پێشوو – ل١٩٨
[21] سەرچاوەی پێشوو – ل١٩٧
[22] د. زهير مجيد مغامس ، لامارتين في الادب العربي ، سلسلة موسوعة صغيرة ، دار الشؤون الثقافية ، ١٩٨٨ ، ل بحيرة ٥٠
[23] شاكارێکە لە دنیای نموونەیی هزر و خەیاڵی فەیلەسوف و شاعیراندا وێنا دەکرێ و فەراهەم دەبێت وەك ئاواتێکی خەیاڵی لە پەرچەکرداری واقعێکی تاڵدا ، وەکو کۆماری ئەفلاتون ، مدينە الفاضلە ی فارابی

بـايرون و راسـين و رۆسـۆ و برنـارد و دوسـان و بـيير وشـاتوبريان... هتـد ) دا بـوو .بۆيـه دەبيـنين زمـانی بەيەكداهاتنەوە لەگەڵ سروشت و پێكهێنەكانیدا و پشت بەستن بـه هێـزی پـەنهانی سروشت و پـەنابردن بۆيـان ، زمانێكه به تەواوی زاڵە بەسەر بارتەقای كەشی قەسیدەكەدا ـ ئەم زمانەش ئەوەمان تێدەگەیەنێت، كه (لامارتین) لـەڕووی سايكۆلۆژییەوە كەسـێكی یۆتـۆبی[٢٤] بووە و باوەڕیشی بـه خۆشـیی و چاكەكردن هـەبووە و بـەردەوامیش بەدواياندا گەڕاوە لە كۆمەڵدا ، بـەڵام بـەدییان ناكات بۆیـه ناچار پـەنا دەباتـه بـەر سروشـت ، ئـەم هەسـتەی وای لێدەكات ، باس لە خواوەند بكات و ئەیفرێنێت تا ئەو ئاستەی تۆنێكی سۆفیگەریی لە شیعرەكانیدا بـەدی دەكـەین ، لەلایەكی دیكەوە دەبینین (لامارتین) لە دەستپێكی قەسیدەكەدا يەكجار خۆبەخۆییه و سادەیه ، واتە بـۆ نموونـه بە ئاهێك يان سكاڵایەك دەست پێدەكات ، كەچی وردە وردە ئـەم سـكاڵایه بـەرەو بیركردنـەوە و تێڕامـانی دەبـات، هەموو ئەم بارانەش بەدەرنین لە ڕەونەقێكی سۆزداری زیندوو[٢٥]

زمانی قەسـیدەی (خەندەكـەی بـایی) لەهـەموو لایەكـەوە بـه سـۆز تـەنراوە ، كـه دەتـوانین دەيـان جێگـه بكەينـه نموونە :

پریشكی تیشكی ئەستێرەی جوان ئیمشەو به ئەسپایی
به سۆزی هاتەنێو كونجی دڵی تاریكی پڕخوێنم[٢٦]

دڵدار بەردەوام لەگەڵ ئاه و حەسرەت و سكاڵادا تێكەڵ بووە ، دواتر چۆتە ناو دنیای بیركردنەوە تێڕامانەوە :
دە سەیری چەند بە وەسڵی زوڵفی خاوت شادو مەسرورە[٢٧] ،

هەروەكو بڕوای بە خۆشیی هەیه :

دەسا دەی مەسدەری هەستی
دەخێرا لادەری پەستی
وەرە تا من بە ڕازی تۆ نەمامی شادی بچێنم
بەيادی جامی دڵداری
لەمەستی خۆشی بم هێڵی دروشمی خەندەكەی بایی[٢٨]

ئـەوەی ماوەتـەوە ئامـاژەی پێبكـەین ئەوەیـه ، كـه بـەلای هەنـدێك لـه ڕەخنەگرانـەوە لێـرەو لـەوێ دەنگـۆی ئـەوە هەبووە ( تائێستاش هەندێك هەر پێیان وایە ) ، كه دڵدار هەوێنی شیعرەكەی (هەندێك قەسیدەی دیكەش )ی لـه لامارتین وەرگرتووە، ئێمە ئەوەندەی دەكەوێتە نێوچوارچێوەی زمانەكەیانەوە دەتوانین خاڵگەلێكی لێكچوو بـەدی بكـەین لـه نێوانیانـدا ، ئەگەرچی ئەمـەش نابێتـه لەمپـەر لەبـەردەم ئـەوەدا ، كـه ئـەم حاڵەتـه (تـوارد)ی بیرۆكـه شیعرییەكان بووبێت ،باسكردنی ئەم لایەنە دەمانباتەوە سەر ئەدەب و قوتابخانەی خودگەرایی لـه ڕەخنـەدا بۆیـه ئێمە لەم بوارەدا خۆمانی لێنادەین ٠

ئەنجام :

١- شاعیری كورد و داهێنەری وەك (دڵدار) سـوودی لـه ئیلهام و داهێنـانی شـاعیرانی ڕۆمانسـی وەرگرتـووە و دەقێكی نوێی ناوازەی لێ بەرهەم هێناوە ، كه ئەم لایەنـە لـەم توێژینەوەیـەدا ڕوونكراوەتـەوە ، جارێكی تر دڵداری بە تەرازوویەكی دیكە هەڵسەنگاندووە

٢- ئـەنجامێكی تـری ئـەم توێژینەوەیـە ، ئاشكراكردن و بەيادهێنانـەوەی دوو شـاعیر — دوو دەقـە، كـه تـا ئەمڕۆ بە زیندوێتی لە مەداری خۆیاندا ماونەتەوە، ئەكرێ چەندین خوێندنەوەی تریان بۆ بكرێت؟

---

[٢٤] امال النور حامد — الرمزية من منظور التحليل النفسي — لەسەر ئەم ماڵپەڕە:
www..albayan.co.or/albayan/culture-afaque.htm.(200504-23 )

[٢٥] عبدالخالق علاء الدين — دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی كورد — چاپخانەی دار افاق عربیه — بغداد — ١٩٨٥ — ل ١٩٦

[٢٦] سەرچاوەی پێشوو — ل١٩٦

[٢٧] سەرچاوەی پێشوو — ل١٩٦

[٢٨] سەرچاوەی پێشوو — ل١٩٦

٣- ئەم توێژینەوەیە باس و دەروازەیەکی تری بەسەر ئەدەبی بەراوردکاریدا کردۆتەوە((زمان و ئەدەب)) ، کە لە لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی شیعری کوردیدا سوود و شوێنی ئەدەبی و زانستیی خۆی هەیە.

٤- لامارتین و دڵدار هەردووکیان، لە ڕوانگەی چەمکی سروشت و شیعریەتەوە جەخت لەسەر زمانێکی ڕۆمانتایکی دەکەنەوە، کەبریتییە لە (زمانی بەیەکدا هاتنەوە لەگەڵ سروشت) لە دەربڕینی چەندەها زاراوە و دەستەواژەی هاوشێوە و هاوواتا، کە زمانی خودە بەرەو ئاراستەیەکی ڕەها.

٥- لای هەردوو شاعیر زمانێکی کپکراو لە کەشێکی کەڵچەری ئایینی دا خۆی مەڵاس داوە ،کەوەك تێرمێکی زمانەوانی گوزارشت لە ترس و خەمۆکی و گریان و تاریکی و تەنیایی و بێ ئومێدیی دەکات، بۆیە بە ئاراستەیەکی پەرچەکرداریی پەنادەبەنەبەر چاوەڕوانیەك کە لەگەڵ خۆیدا (گەڕانەوەی خۆشەویستیە ڕۆحیەکان و شنەی شەماڵی پڕهیوا، پیرۆزی پەرستگا ، ئەستێرە ، گزنگ و شەوقی خۆر و هەسارەکان) بهێنێت... ئەگەرچی لەسەر شاپەڕی باڵی پەرییەکیشەوە بێت بەناو هەناسە بێگەردەکانی سروشتدا.هەڵبکشێ بۆ ڕەوینەوەی تەمی تاریکی و غوربەتە ئەبەدیەکەی ؟،کە لە دەروونی هەردوو شاعیردا ئاوێزان بوون .

## سەرچاوەکان


### کوردییەکان

**١- عبدالخالق علاء الدین – دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد – چاپخانەی دار افاق عربیە – بغداد – ١٩٨٥**

**٢- عەزیز گەردی – ئەدەبی بەراوردکاری – زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر -١٩٨٧**

کاکەی فەلاح – کاروانی شیعری نوێی کوردی.

دیوانی دڵدار – چاپخانەی کوردستان – چاپی دووەم – هەولێر – ١٩٧١ .

٥-(لامارتین) – نووسینی دڵدار – گۆڤاری گەلاوێژ – ژمارە ٧و٨

### عەرەبییەکان

١- امال النور حامد – الرمزیة من منظور التحلیل النفسي – لەسەر ئەمماڵپەڕە: www..albayan.co.or/albayan/culture-afaque.htm.(200504-23 )

٢- د. زهیر مجید مغامس ، لامارتین في الادب العربي ، سلسلة موسوعة صغیرة ، دار الشؤون الثقافیة ، ١٩٨٨.

٣- حسین الواد – في مناهج الدراسات الادبیة – منشورات الجامعة – ط ٢ – ١٩٨٥.

٤- سعید الغانمي – اللغة و الخطاب الادبي – المركز الثقافي العربي (بیروت) – ١٩٩٩

٥- عبدالرزاق الاصفر – المذاهب الادبیة لدى الغرب – منشورات اتحاد کتاب العرب – ١٩٩٩.

٦- یاسین الایوبی – مذاهب الادب و المعالم و الانعكاسات – دار العلم للملایین – ط ٢ – ١٩٨٤

## پوختە

ئـەدەبی بـەراوردکاری ئـەرکی دۆزینـەوە و سـاغکردنەوەو ڕوونکردنـەوەی کاریگـەریی نێـوان گەشـەو بەرەو پێشچوونی ئەدەبی و کردنەوەی مەودای نوێ بۆ ژانرەکانی ئەدەب.

ئـەم توێژینـەوەیـە هەوڵێکـە بـۆ دیـارییکردنی کاریگـەریی ئـەدەبی نێـوان هـەردوو شـاعیر (لامـارتین) ی فەرەنسی و (دڵدار)ی شاعیری بەتوانا و نوێخوازی کورد، کە زیاتر لە بەراوردی دوو دەقی ئـەدەبیی (گۆم) و(خەندەکەی بایی)دا خول ئەخۆن.

ئەم توێژینەوەیە خوێندنەوەیەکی نوێیە بۆ هەردوو دەقە شیعریەکە لە ڕووی شێوە و ناوەڕۆکـەوە ، وەك لە دوو لایەنی زمان و ئەدەبەوە ئەنجامەکان خراونەتەڕوو .



### خلاصة البحث

الأدب بصورة عامة، ميدان شامل من ميادين المعرفة البشرية ،ساهم في بناء صرحة الانسانية جميعاً وهـو موزائيـك مـن آداب الامـم ، لـذا فـأدب أيـة امـة لا يزدهـر ولا يتطـور إلا باحتكاكـه بـآداب الأمـم الأخـرى، فالأدبالمعزول و المتقوقع على نفسه ضمن الحدود الجغرافية للغة واحدة ، تتضاءل طراوته شيئا فشيئاً حتى يصبح أدبا عقيماً احوفاً ، متخلفاً عن ركب آداب الأمم الأخرى، فهمة الأدب المقارن هى بحث في مسألة التـأثر و التأثير بين آداب الأمم وكيف يفيد بعضها البعض الأخر و يساهم في تطور و انفتاح ميادين جديدة لفروع الأدب.

هـذا البحـث هـو مقارنــة ادبيــة بـين الشـاعر الفرنسـي المبـدع (دى لامـارتين- ١٧٩٠-١٨٦٩) و الشـاعر الكـردى المجدد(دلدار-١٩١٨-١٩٤٨) و تحديداً بين النصين الشـعريين ( البركـة )للشـاعر لامـارتين و (إبتسـامة المتـبخترة) للشاعر دلدار.

كما انه قراءة خديدة للنصين الشعريين الانفى الذكر من حيث الشكل و المضمون و كـذلك اللغـة و الصـورة البنائية فيهما.



## Abstract

*This comparative study is about tow poems : THE LAKE of french poet de Lamartin (1790-1869) and his poems influence of the kurdish poem THE SMILE OF COQUETTE which written by the kurdish poet Dildar (1918-1948) we tried to show the points of connection , similary and differences between their poems by analyzing them in the poetic and linguistic aspects and plan.*